# ڕوداوەكان كارنامەتان نیشان دەدات

ئەحزابی ناسیۆنالیستی كورد نزیكەی مانگێكە كەمپینێكی ڕاگەیاندنیان بۆ هەڵبژاردنەكانی عێراق و كوردستان بەرێخستووە , ئەم حیزبانە ئامانجیان لەم كەمپینە لە ئاستی كوردوستاندا شاردنەوەو لە بیر بردنەوەی سەرجەم ئەو بێمافیانەیە كە لە سایەی 14ساڵ دەستەڵاتی ڕەشیان بە سەر خەڵكی كوردوستاندا سەپاندوویانە, لە ئاستی عێراقیشدا ئامانجیان پەلكێش كردنی خەڵكی كوردوستانە بۆ بەردەم سندوقەكانی دەنگ دان و گێڕانەوەی خەڵكی كوردوستان بۆ مەركەزو ئیلحاق كردنەوەی بە عێراقەوە , ئەحزابی ناسیۆنالیستی كورد ئەوەندەی خۆیان بۆ هەڵبژاردنی سەراسەری ڕائەوەشێنن زۆر خۆیان بۆ هەڵبژاردنی كوردوستان نالەنگێنن چونكە لە كوردوستان كورسیەكانیان دابەش كردووە و نەك هەڵبژاردن و دەنگدان بەڵكو مەهزەلەبوونی ئەم هەڵبژاردنە بەجۆرێكە ئەگەر شەوی هەڵبژاردن هەموو خەڵكی كوردوستان پێكەوە بمرن بۆ ئەمان هیچ لە دەست نادەن و كاریگەری لەسەر هەڵبژاردنەكەیان دانانێت , ئەوەندە نەبێت ئەوان دەستەڵاتیان بۆ حاكمیەتە بەسەر خەڵكەوە بەبێ خەڵك ئەم حیزبانە ئەبنە حاكمی دار و بەرد , ئەوەی من لێرەدا ئەمەوێت قسەی لەسەر بكەم و سەرنجی خوێنەر و خەڵكی كوردوستانی بۆ ڕابكێشم تەبلیغات و حەملەیەكی فریوكارانەیە كە ئەم حیزبانە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی بەرنامەی هەڵبژاردنەكەیانەوە بە گوێی خەڵكی كوردوستانیدا دەدەن , ڕیز كردنی ووشەو باس كردنی ماف و دابین كردنی ژیانێكی خۆش و ئارام لە بەرنامەكەیاندا تووشی هەڵئاوسان بووە , ئەم حیزبانە بە ڕاگەیاندنی پلاتفۆرم كەیان ئەیانەوێت لەبیری خەڵكی بەرنەوە كە دوێنێ چیان كردووە بۆ ئەوەی مسۆگەری ئەوە بكەن سبەینێ دووبارەی بكەنەوە , ئەحزابی دەستەڵاتدار لە كوردوستان هەرگیز نەیتوانیوە تەعبیر لە سەرەتایترین پێداوویستی و داواكاریەكانی خەڵكی كوردوستان بكات , بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە زۆر نموونەو ڕووداوی گەورە لە بەردەستان بەڵام من حەزم كرد تەنها بە 3 نموونە ئەو ڕاستی یە نیشان بدەم كە بەلای من و سەرجەم كەسانی شەرافەتمەند و ئینساندۆستەوە پڕ ئازار و مایەی نەفرەتی قوڵە , هەر لەم مانگەدا كە ئەحزابی ناسیۆنالیستی كورد خەریكی بڵاوكردنەوەو پەخشان كردنی وەعدەو بەڵێنن بە خەڵكی كوردوستان بۆ باشتركردنی ژیانیان و لە بیرچوونەوەی ناخۆشیە كان, 3 كارەسات دڵی هەموومانی هەژاندو سەد جاری تر نیشانی داین لە سایەی دەستەڵاتی ئەحزابی ناسیۆنالیستی كوردا یەك زەڕە حورمەت بۆ ئینسان ئامادەی نیە , ڕۆژی 04 /12/31 ژنێك بەناوی " هەورە عەلی خدر " لەلایەن مێردەكەیەوە بە چەكوش و دار ئەشكەنجەیەكی زۆر دەدرێت و دواتر دەیبەستێتەوەو بە گاز و پلایس پێست و گۆشتی قاچی لێدەكاتەوە , لە ڕۆژی 04/12/19 تاكو ڕۆژی 05/1/6 سێ منداڵی خوێندكار كە ناویان " ڤینۆس " هاوژین " " سەید قەهار "ە لە ترسی دەرنەچوون و بەرخوردێك كە پێیان كراوە لە خوێندنگا دووانیان خۆیان دەسووتێنن و سێهەمیان بە دەمانچە خۆی دەكوژێت , ڕۆژی 05/1/5 چەكدارەكانی دەستەڵات تەقە لە خۆپیشاندانی خوێندكاران دەكەن كە داخوازیەكانیان دابین كردنی ئاو كارەبا بوو , ئەمانە چەند نموونەیەكن و من دڵنیام لەم نموونانە دەیان و سەدانن لە كۆڵان و ماڵ و خوێندنگا وسەرجەم ئەو شوێنانەی ئینسان ژیانی لێدەكات , ئەوەی گرنگە ئێستا بیڵێین ئەوەیە ئاخو ئەو ئینسانانە هەر لەخۆوە بەو شێوەیە ئازار دراوون و بە گاز و پلایس گۆشتیان لێكردونەتەوە , یاخود هەر لە خۆوە ئەو منالە ناسكانە كە ئەڵێی پەپوولەن خۆیان كوشتبێت و گریان نابێت بە تەمەنی پڕ لە ئومێد و هیوای خۆیانەوە , یاخود خوێندكاران داوایەكی هێندە گەورەیان هەیە كە دەستەڵات تەنها بە تەقە و برینداركردنیان دەتوانێت وەڵامیان بداتەوە , نەخێر ئەمانە هیچی وانین سەرجەم ئەو كارەسات و ڕۆژ ڕەشیەی بەسەر خەڵكی كوردوستاندا هاتووەو دێت بەرئەنجامی سیستەم و حاكمیەتی دەستەڵاتێكە كە لە هەناوی خۆیدا چەوساندنەوەو سەركوتی ئینسانەكانی هەڵگرتووە دەستەڵاتێك كە وەك ئینسان سەیری تاكەكانی كۆمەڵگا ناكات و بۆ درێژەدان بەتەمەنی خۆی دەست بە دوواكەوتووترین سوونەت و فەرهەنگی كۆنەپەرستانەوە دەگرێت بۆ مانەوەی دەستەڵات و پایەكانی حاكمیەتی , من پێم وایە ئەم 3 نموونەیە بەسن بۆ ئەوەی نیشانی بدەین ئەم دەستەڵاتدارانە لە ڕابووردودا چیان كردووەو لە داهاتووشدا چی دەكەن , وەعدە و بەڵێنەكانیان تەنها چاوبەستەو وەرگرتنی پەنجە مۆری ئیدامەی دەستەڵاتەكەیانە , من دەڵێم ئەم حیزبانە لە بری ئەوەی 30 خاڵ ڕیز كەن و بەرنامەو پلاتفۆرم بڵاو بكەنەوەو كاتی خۆیان و كاتی خەڵكیش بەرن لە یەك ڕستەدا بە خەڵكی كوردوستان بڵێن ئەوەی لە 14 ساڵی ڕابووردودا كردمان دوای هەڵبژاردن دووبارەی دەكەینەوە , ئەمە چارەنووسێكە كە ئەحزابی ناسیۆنالیستی كورد بۆ خەڵكی كوردوستان یان دیاری كردووە , مەرج نیە خەڵكی كوردوستان هەمیشە ئەم چارەنووسە قبووڵ بكات , خەڵكی كوردوستان دەتوانن چارەنووس و ئاییندەیەكی ترهەڵبژێرن , چارەنووسێك كە خۆیان دیاری دەكەن و تەعبیرە لە ئیرادەو گەشتن بە خواست و داواكاریە ئینسانیەكانیان , بۆ

گەشتن بەو ژیانە ئینسانی و دوور  لە سەرکووت و بێمافەیە ئەمڕۆ لە کوردوستان کۆبونەوە لە دەوری حککع و کەمپینی ڕفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردوستان مەرجێکی ئەسڵی و بناغەیە , با ئەم  حیزب  و ئەم کەمپینە بەهێز بکەین .

هیدایەت مەلا عەلی